# بەهای ڕەگەزی ئەدەبی
# لە ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا

د. عادل گەرمیانی
زانکۆی بەغدا / کۆلێژی زمان

ئەدەب وەك دیاردەیەکی مەعریفیو زمانەوانیو کۆمەلأیەتی لە چەند ڕەگەزێك پێکهاتووەو هەر ڕەگەزێك خاوەن ئەدگاری تایبەتی خۆیەتی لەگەڵ هەبوونی چەند ئەدگارێکی هاوبەش لەگەڵ ڕەگەزەکانی دیکەی ئەدەبدا، کەوا بریتییە لە چەشنەکانی هۆنراوەو جۆرەکانی پەخشان وەك چیرۆك و ڕۆمان و شانۆ.

لە بواری ڕەخنەسازیدا هەمیشە ئاماژە بەوە دەکرێت کەوا ڕەخنە سەرەنجامی لەدایکبوونی دەقی ئەدەبییە، چونکە پرۆسەی ڕەخنە پرۆسەیەکی شیکاریو هەڵسەنگاندنە پاشتر بەسەر لەدایکبوونی جەستەی دەقە ئەدەبییەکە دەکرێت، کەوا دەچێتە خانەی جۆرە ڕەگەزێکی ئەدەبییەوە. هەرچەندە لەم ڕۆژگارەدا جۆرە ئاوێتەبوونێك لە نێوان هەندێ لە ڕەگەزە ئەدەبییەکان هاتۆتە دی وەك سەرهەڵدانی پەخشانە شیعر یا دامەزراندنی پارچەیەك یا زیاتر لە جۆرە ڕەگەزێکی ئەدەبی لەنێو پانتایی بینایی هونەریی ڕەگەزێکی ئەدەبیی دیکە لە پرۆسەی دەقسازیەکەیداو ئەوسا تا ڕادەیەکی زۆر ڕێبازی ئەدەبیی ڕەگەزە ئەدەبییەکە دەبێتە مایەی دیاریکردنی جۆری ئەو ڕێبازە ڕەخنەییەی بۆی دەشێت.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین مەرج نییە هەموو ڕێبازەکانی ئەدەب لە بواری ڕەخنەدا ڕەنگ بدەنەوە، چونکە هەندێ لەم جۆرە ڕێبازە ئەدەبییانە وەك داهاتوویەت و سوریالیەت و دادائیەت خاوەن بنەمای ڕوون نین لە بواری دارشتنی ئەدەبیداو خاوەن ئەو تەمەنە زۆرە نەبوون تا ببنە مایەی لەدایکبوونی ژمارەیەکی باش لە دەقی ئەدەبیی سەرنجڕاکێش، بەم شێوەیە دەربارەیان ڕەخنەی بە هەمان جۆر نەهاتە دیو ئەو جۆرە دەقە ئەدەبییانە نەبوونە مایەی سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕەخنەیی سەر بە هەمان ڕێبازی ڕەخنەییو بەم شێوەیە ناتوانین باسی بەهای ڕەگەزی ئەدەبی لەم ڕێبازە ئەدەبیانە بە هەمان تێڕوانین بکەین، بەڵکو بەهای دەقە ئەدەبیەکانیان و ڕەگەزە ئەدەبییەکەش دەکەونە ژێر تیشکی لێکدانەوەی ڕەخنەگر بەپێی ئەو ڕێبازە ڕەخنەییەی جێی باوەڕیەتی.

وەک وتمان سەرجەم قوتابخانەو ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی لە جیهاندا ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەقە ئەدەبییەکاندا سەودا دەکەن بە مەبەستی شیکردنەوەی ئەو دەقانە لە ڕووی داهێنانی ئەدەبیو جوانکاری ئەدەبی لە ڕێی خستنە ڕووی بابەت و بیروبۆچوونی نووسەرانی ئەو دەقانە.

ڕەگەزی ئەدەبی لە ڕەخنەی ئەدەبیی یۆنانی کۆندا بەهای تایبەتی خۆی هەبوو، تەنانەت ئەرستۆ لەمەڕ هونەری هۆنراوە کتێبێکی ڕەخنەیی سەربەخۆی داناوە، ئەمە جگە لە بۆچوونەکانی ئەفلاتۆن و ئەرستۆ دەربارەی ئەدگارەکانی شانۆی تراژیدیو هۆنراوەی شانۆیی. تەنانەت ئەرستۆ وەک گیانلەبەرێک سەیری ڕەگەزی ئەدەبیی دەکرد، کەوا بەلایەوە نەشونما دەکات و لەوانەیشە بۆ چەشنێکی دیکەی ئەو ڕەگەزە ئەدەبییە بگۆردرێت.

ڕەخنەگرانی پاش سەردەمی بوژانەوە زیاتر خۆیان دەبەستەوە بە شەنگستە ڕەخنەییەکانی ڕابەرانی ڕەخنەی یۆنانی کۆن وەک ئەفلاتۆن و ئەرستۆو ڕابەرانی ڕەخنەی ڕۆمانی وەک هۆراس وکانتلیان، بۆیە بە ڕەخنەی پاش سەردەمی بوژانەوە دەوترێ ڕەخنەی کلاسیکی، چونکە ڕەخنەگرانی وەک وتمان پابەندبوون بە شەنگستەکانی ڕابەرانی پێشووتری خۆیانو بیروبۆچوون و شەنگستەکانیان بەسەر ڕەگەزی ئەدەبیی سەردەمی خۆیان پیادە دەکردو داوایان لە هۆنیاران و شانۆنامە نووسانی سەردەمی خۆیان لە ئینگلیزو فەرەنساییەکان دەکرد بە هەمان چەشنی هۆنیاران و شانۆنامە نووسانی سەردەمی یۆنانی کۆن و سەردەمی ڕۆمان جۆری ڕەگەزی ئەدەبیی دەقە ئەدەبییەکانیان بهۆننەوەو دابڕێژن.

ئەم جۆرە دیاردە ڕەخنەییە لە سەردەمی ڕۆمانتیکیدا وەک ڕێبازێکی ڕەخنەیی هەندێ گۆڕانکاری بەسەردا هات و ڕێگا والآتر بوو لە بەردەم نووسەرانی دەق لە خۆنەبەستنەوە بە شەنگەستەکانی قوتابخانەی کلاسیکی پێشوو.

ڕاستە لە سەردەمی ڕۆمانتیکیدا سەربەست بوون لە بەکارهێنانی هەندێ بنەمای ئەدەبی تازە هەبوو، وەکو گۆڕینی جۆری زمانی نێو دەقی کلاسیکی و زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی ئەندێشەی هونەری لەنێو دەقی تازەی ڕۆمانتیکیدا، بەڵام ئەو جۆرە نەشونمایە لە پەرەسەندنی هەندێ چەشنی هۆنراوە وەک ڕەگەزێکی ئەدەبی لە سەردەمی یۆنانی کۆن لە جیهانی ئەدەبی کلاسیکدا بەدی دەکرا، لە سەردەمی ڕۆمانتیکیدا وەک ڕێبازێکی ئەدەبی نەهاتە دیو نەبووە ئاستەنگێک لەبەردەم ڕەخنەگرانی ڕۆمانتیکیدا، کەوا زیاتر شێوازی دارشتن و جۆری داهێنان بەلایانەوە بایەختر بوو لە هەڵسەنگاندنی دەقە ئەدەبییەکانی سەردەمی ڕۆمانتیکیدا.

بەپێی تیۆری مەتریالیزمی دیالیکتی گشت قۆناغێکی تازە لەنێو مناڵدانی قۆناغەکەی پێش خۆی نەشونما دەکات و پاشتر ڕەتیدەکاتەوە یا دەبێتە جۆرە کاردانەوەیەک بۆ هەندێ لە تایبەتمەندیەکانی قۆناغەکەی پێش خۆی. ئەم جۆرە یاسایە لەنێو ڕەوتی پەرەسەندنی ڕێبازەکانی ئەدەب و ڕەخنەدا تا ڕادەیەکی زۆر بەدی دەکرێ، تەنانەت ڕێبازی ئەدەبیو ڕەخنەیی ڕۆمانتیکییەت بە جۆرە کاردانەوەیەک بۆ قوتابخانەی ئەدەبیو ڕەخنەی کلاسیکییەت دادەنرێت. هەروەها سروشتی سەوداکردنی ڕەخنەی ڕۆمانتیکیەت لەگەڵ دەقە ئەدەبییەکاندا بووە زەمینە خۆشکردن بۆ هاتنە کایەو سەرهەڵدانی قوتابخانەی ڕیالیزم (کەتواریەت—الواقعیە) لەناوەندی سەدەی نۆزدەهەمدا، کەوا زیاتر ڕەخنەگرانی ئەم قوتابخانەیە بایەخیان دەدا بە هەردوو لایەنی بابەت و بیروبۆچوونی نێو دەقی ڕەگەزە ئەدەبییەکان لە بەرجەستەکردنی کێشەکانی کۆمەڵدا.

دوای جەنگی دووەمی جیهانیی هەندێ ڕێبازی ڕەخنەیی تازە سەریان هەڵدا بە حوکمی گۆڕینی شێوازو ئاستی نووسین و داهێنانی ئەدەبیی لەو سەردەمە، تەنانەت ڕێبازە ڕەخنەییەکانی پاش ئەو جەنگە لە گۆشە نیگای تایبەتەوە سەودایان لەگەڵ دەقی ئەدەبیو جۆری ڕەگەزە ئەدەبییەکە دەکرد. بۆ نموونە بونیادگەری وەك ڕێبازێکی ڕەخنەیی لە سالآنی 1955–1965 زیاتر سەدای هەبوو بە حوکمی نووسینە ڕەخنەییە سەرنجڕاکێشەکانە ڕۆلآن پارت، لە گۆشە نیگای زمانی دەق و دەلالەتەکانی بە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی ڕەگەزە ئەدەبییەکە هەڵدەستا تەنانەت بونیادگەری بە بەندیخانەی زمانەوانی دەقە ئەدەبییەکان دادەنرا، کەچی هەڵوەشاندنەوە وەك ڕێبازێکی ڕەخنەیی تازەتر بە کۆششی جاك دریدا زیاتر هاتە کایەوە، لەگەڵ زۆری واتاکانی دەقی ڕەگەزە ئەدەبییەکە سەودای دەکردو دەیویست ئەوە بسەلمێنێ کەوا دەقی ئەدەبیی گشت ڕەگەزێکی ئەدەبی زیاتر لە واتایەك دەبەخشێت و لە پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی دەقەکە لە لایەن خوێنەرانیەوە ئەم جۆرە ڕاستییە دەردەکەوێت.

بە لای جاك دریداوە وەك پێشەنگی ئەم جۆرە ڕێبازە ڕەخنەییەی پاش سالآنی هەفتاکانی سەدەی بیستەهەم دوو جۆرە دەقی ئەدەبی هەیە : یەکەمیان ناوی لێدەنێت دەقی ڕزیو، کەوا خاوەن نووسینی ڕزیوە، دووەمیان دەقی ڕەسەن کەوا خاوەن نووسینی ڕەسەنە. لێرەدا مەبەستی جاك دریدا لە هەردوو زاراوەی ڕزیوو ڕەسەن زیاتر چۆنێتی بایەخ دانە بە چۆنێتی هەڵسەنگاندنیانە، تەنانەت دەرگای پۆلێنکردنی دەقە ئەدەبییەکان بەلایەوە لەنێو خانەی ڕەگەزەکانی ئەدەبدا والآیە، چونکە دەقی ئەدەبی لە ڕەخنەی هەڵوەشانەوەدا جۆرە ئاسەوارێکی نووسەری دەقە. هەروەها بەرهەمەکانی دیکەی وەك فیلمی سینەماو تابلۆی شێوەکارو پەیکەری هەڵکۆڵینیش دەبنە جۆرە ئاسەوارێك بە هەمان کردەوەی دەقی ئەدەبی خاوەن جۆرە ڕەگەزێکی ئەدەبی هەڵەستن لە گەلآڵە کردن و خستنە ڕووی چەمکی شاراوەی نێو مێشکی خاوەنی بزری بەرهەم، بەم جۆرە دەقی ئەدەبیو بەرهەمە هونەرییەکە دەبنە نووسینی ڕەسەن بەلای خاوەنیانەوە. کەواتە ڕەسەنایەتی دەق و زۆری واتاکانی بابەتی دەق بەهای زیاتر بە ڕەگەزە ئەدەبییەکەی لەنێو ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەدا دەدات و لە ئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێ بەهای ڕەگەزی ئەدەبی لەنێو قوتابخانەو ڕێبازەکانی ئەدەبدا بە هەمان جۆر نییە، بەڵکو خاوەن چەند تێڕوانینێکی جیاوازو لێکنەچووە.